www.kurdistannet.org
28-2-2006 12:03 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## داهاتوی عێراق لەبەردەم ئاسۆیەکی نادیاردا!!! تایەر حەسەن

بەگەڕانەوەیەکی کورت، بەمێژوی ڕابردوی عێراق دا. دەبینین بەردەوام ئەم وڵاتەلەشێوازی نا جێگیر بووندا خۆی بەیان کردوە. ئەمەش دەرئەنجامی ئەو فاکتەرەدەرەکیانەبووە، کەلەعێراقدا بەشوێن بەرژەوەندییە تایبەتیەئابوری و ڕامیاریەکانی خۆیانەوە بوون. هەروەها خودی حکومەتەیەك لەدوای یەکەکانی عێراقیش، بەشێك بوون لەناجێگیر بوونی بارودۆخی ئەم وڵاتەوبەردەوام لەشێوازی سوڵتەی دیکتاتۆری و شۆفێنستی دا بەدیار کەوتون. لەدژی ئامانجەگشتیەکانی خەڵکی عێراق و، دان نەنان بەبوونی خواستەڕەواکانی میللەتی کوردیشدا بەشێك بووەلەم ناجێگیر بوونیە. بوونی ئەم پێشێلکاریەیەك لەدوای یەکانەی مێژووی ئەم وڵاتە، لەو جێگایەوەسەرچاوەدەگرێت، کەچەمکی دیموکراسی ویەکتر قبوڵ کردن و دان نان بەبەرژەوەندیەگشتیەکاندا. بوونی خۆی لەدەست داوەو، لەبەرامبەردا، چەمکە تێکشکێنەرەکان و دنیای دیکتاتۆرەکان جێگای گرتۆتەوە. دەرئەنجامەکەی لەوەباشتر نابێت کەلا ڕابردوو ئێستادا گوزەر دەکات بەرەو ئاسۆیەکی نادیار!!!!!!!!!! ئەگەر لەوفاکتەرەدەرەکیانەشەوەبمانەوێت ئەنجام گیریەك بەدەست بهێنین. بۆ هۆکاری نەبونی سەقامگیری لەناوخۆی وڵاتی عێراقدا. دەبێت چاوێك بەو کێشەنێونەتەوەیانەدا بگێڕین، کەلەدەرەوەی عێراقدان وئەمڕۆ بوون بەبەشێك لەم نەبوونی سەقامگیریەلەعێراقدا. تاپێش یانزەی سێپتێمبەری دووهەزارویەك شێوەسیستەمێك کەلەجیهان و ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڕێوەدەچوو، خۆی لەو شێوەدابەشبوونەدا دەبینیەوەکە، هێزو توانایەکانی دوو قوتبی نێودەوڵەتی پێناسەکانی خۆیان بۆ جیهان دەکرد. مەبەستم یەکێتی سۆڤیەتی کۆن و هاوپەیمانەکانێتی لەگەڵ قوتبی ڕۆژئاوایی کەئەمریکاو هاو پەیمانەکانێ یەتی لەجیهاندا. تا ئەو قۆناغەشێوازی ژیان گوزەراندن لەنێوان ئەم دوو هێزەدا بەمل ملانێی، جەنگی سارد خۆی بەیان دەکردوو، جەنگەعەمەلی و واقعیەکان بەشێوەی بەرچاو دیار نەبوون. هەر بەلانوچونی شورەووی و سەرکەوتنی سەرکەوتنی باڵی ئیمپریالیزمی جیهانی، بەسەرکردایەتی خودی ئەمریکا. دیسان پێناسەو هاوکێشەنێونەتەوەییەکان، بۆخۆیان لەبەر یەك هەڵوەشانەوەو، بەتێڕوانینێکی نوێ و گرێبەستێکی نوێوەدەرکەوتنەوە، بۆ داڕشتنەوەی سەر لەنوێی جیهان و، بەپلانێکی نوێوەهاتنەدەر بۆ وەگەڕخستنی دنیای سەرمایەوقازانج پەرستیەکانیانەوە. هەڵبەت، لێرەدا دەبێت ئامازەبەئەو تیئۆریەبکەین کەسیستەمی ئەمریکی با نگهێشتی بۆ دەکرد، لەدوای ڕوخانی بلۆکی شوورەوی. ، ئەویش تیئۆرەی دیموکراسیزم بوو بۆ جیهان. بەڵام هەروەك، سەرجەم بەشریەت بینی لەدەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەغەیری تێکشکاندن و هێنانی مەینەتی زیاتربۆ بەشی ژێر دەستەی ئەم ڕژێمەسەرمایەداریانە، هیچی کەی بەخۆیەوەنەبینی. پاش ئەوەی کەخودی پێناسەی دیموکراسیزم کەوتەژێر پرسیارەوەو. خێروخۆشیەکانی زۆر کەمتر بوون لەبەدبەختییەکانی، خودی ئەم سیستەمەئیمپریالیزمیەبەبێ وەڵام مایەوەلەبەرانبەر ئەم پێناسەدیموکراسی یەدا. هەر لەپاش یازدەی سێپتێمبەری دووهەزارویەکەوە، ئەم پێناسەیەبۆ خۆی ماهیەتی خۆی لەدەست دەداتووپێناسەیەکی نوێ سەردەردێنێ. ئەوێش پێناسەی دژەتیرۆریزمە؟ بەپێی ئەم پێناسەنوێیەی ڕژێمی ئەمریکی، جیهان دابەش دەکرێت بەدوو بەشەوە: یان لەگەڵمدایت، یان لەدژم دایت!!!!!!!! بەڕاستی بەلەقالب دانی تەواوی تێفکرینەکانی

ئینسان بۆ ژیان وئازادی یەڕەهاکانی. خۆی بەموقەسەر دەبینێتەوەلەبەرانبەر ئاوەها وەڵامێکدا؟کەقوفڵ کردنی ژیان بێت بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی سێیەمدا. ئەمەخۆی لەخۆیدا ژیانی بەشەر دەخاتەنێو پێناسەیەکی بێهودەییەوە. وەك ئەوەی ئەمڕۆ لەعێراقدا خۆی نومایش دەکات. عێراق بەگشتی ئەمڕۆ بووەبەمەیدانێك، بۆ خۆ یەك لاکردنەوەی ئەم دووتەوەرەدژی ئینسانیە، کەئەویش تەوەری برژەوەندیەقازانج پەرستیەکانی ئەمریکایەلەناوچەکەو عێراقدا. لەبەرانبەر ئەم ڕاوەستاویەی ئەمریکادا، تەوەری ئیسلامی سیاسی خۆی دێنێتەدەرەوەبەهەموو شێوەدژی بەشەریەکانیەوە. دیارەلەم نێوەندەدا زەرەرمەندی سەرەکی زۆرینەی خەڵکی بەش مەینەتی عێراقە. کەئەمڕۆ بەبێ ویستوو ئارەزوی خۆیان دابەش کراون بۆ سەر تائیفیەمەزهەبیەکان. کەلەبەردەوامی ئەم سیاسەتەنوێیەدا، بەغەیری تێك شکانی ئێرادەی گشتی ئەم جەماوەرەملوێنیەهیچی دی لەخۆ ناگرێت. ئەم دیاردەنوێیەش خاڵی بەهێزی خۆی لەو پەنجەرەیەوەدەبینێتەوە، کەباڵی ئازادی خوازی و هێزی سکولاریزم، بەدەرەجەیەك لەم وڵاتەو جیهاندا لاوازە. دەرئەنجامەکەی هەروا دەخوازێت، کەبۆ دەورەیەکی درێژ ئەم هێزەدژی بەشەریانە، بتوانن سیاسەتەکانی خۆیان لەمەیداندا ڕابگەیەنن و، ژیانێش ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو وێرانەیەکی زیاتر ڕەوانەبکەن؟ بەڵام پرسیار لێرەدایە: بوونی ئەم هێزەکۆنەپەرستانەودژی بەشەریانەتاکەی دەتوانن درێژەبەعومری خۆیان بدەن؟ دیارەوەڵام دانەوەبەم پرسیارە، لەئەستۆی هێزەرادیکاڵ و عەلمانی و مەدەنیەکاندایە. کەوەستانەوەیانەلەبەرانبەر ئەم پێشێلکاریەبەردەوامەی کەهێزەقەومی و ئیسلامیەکان بەڕێوەی دەبەن. کێشمەکێشی ئەمریکا لەعێراق ودیاری کردنی ستراتیجیەتی خۆی بۆ ناوچەکە، کەهێشتا خاڵی سەرکەوتنی بەدیار نیەو، ململانێی لەبەرانبەر ئێران وسوریاو حەماسی فەلەستینی و حیزبووڵای لوبناندا. ڕۆژ بەڕۆژ ئەم بۆشاییەی عێراق خۆی لەتاریکی یەکی زۆر زیاتر دەبینێتەوەو، ئامانجی ئیستقرار بوون بۆ ژیانی خەڵکی عێراق مەبەست نیە؟ بەڵکو برەو دان بەسیاسەتی نەزمی نوێ و قازانج پەرستی زیاترو، لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی ئەم وڵاتانەی چوار دەوری عێراق کەئامازەمان پێکرد مەبەستی سەرەکی یە. ئەمڕۆ هێزی قاعیدەکەلەسوونەمەزهەبدا خۆی پێناسەدەکات، لەبەرانبەر شیعەمەزهەبدا، کەلەشەڕێکی بەردەوامدان، لەسەر هێز فەرز کردنی خۆیان بۆ سەر ئایندەی ئەم وڵاتە، خۆی لەخۆیدا ئەمەسیاسەتێکە، کەشەڕەسەرەکیەچینایەتیەکەی شاردۆتەوەو خودی چینی کرێکارو زەحمەتکێشی، پەل کێش کردووەبۆ ژێر پێناسەی: تۆ سوونەی یان شیعەی. ئەم ئایدۆلۆژیایە، ئەمڕۆ زۆر بەشێوەیەکی ترسناك دێتەدەرەوەو، ئەگەرو نەگەرێك، کەئەمڕۆ لەزاری سیاسەت مەداران و میدیاکانەوەدێتەدەر بۆ بوون یا نەبوونی شەڕی ناوخۆ لەعێراقدا، ئەمەپرسیارێکی قێزەونە؟ هەر لەدوای ڕوخانی ڕژێمی فاشست ودیکتاتۆری بەعسەوە، شەڕی ناوخۆ بەردەوام بوونی خۆی هەبووەو. هەر ڕۆژەبەدەیان و سەدان لەخڵکی زەحمەتکێش و بێ ئاسایشی ئەم ناوچەیەی پەلکێش کردووەبەرەو مەرگ و زەمانەتێك کەبۆ ژیان شیاو بێت بەدی ناکرێت، لەم وڵاتی بەزۆر دروستکراوەدا. هاتنەمەیدانی ئاخوندەو مەرجەعیەتەکان لەبری دنیای سکولاریزم، ئەمەبۆ خۆی نیشانەی سەرەکی، بەرەو مەرگی ژیانەلەعێراقدا بەگشتی؟؟؟

تایەر حەسەن ب/هەنسك 2006/02/27 هۆلەندا